## ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری، ستراتیجی

# هۆکارەکانی کۆچ و میکانیزمەکانی روبەڕوبونەوەی لە هەرێمی کوردستان



تشرینی دووەمی ٢٠٢١

# هۆکارەکانی کۆچ و میکانیزمەکانی روبەڕوبونەوەی لە هەرێمی کوردستان

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان

تشرینی دوەمی ٢٠٢١

## پێڕست


دەروازەو ناساندن ........................................................ 2

کۆچ و هۆکارەکانی ئەنجامدانی ........................................................ 3

جۆرەکانی کۆچکردن ........................................................ 4

کۆچ لەهەرێمی کوردستان ........................................................ 6

ئامارەکانی کۆچ لە عێراق و هەرێمی کوردستان ........................................................ 7

دیارترین هۆکارەکانی کۆچ لە هەرێمی کوردستان ........................................................ 9

یەکەم: هۆکارە سیاسییەکان ........................................................ 9

دووەم: هۆکارە ئابورییەکان ........................................................ 10

پێشنیازەکانی چارەسەر ........................................................ 14

سەرچاوەکان ........................................................ 17

## دەروازەو ناساندن

کۆچ دیاردەیەکی دێرینی مێژوییە، کەهەر لەسەرەتای دروست بونی مرۆڤایەتیەوە بەشێواز و هۆکاری جیاواز هاتوەتە ئاراوە. کۆچ یەکێک لە چوار رەگەزە سەرەکییەکەی گۆڕانکاری کۆمەڵگا، بەهۆکاری جەوهەری و خودی، کۆچ دەتوانێت کاریگەری کورت ماوەو درێژ ماوە لەژمارەو پەیکەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەدوای خۆیدا بهێنێت و پەیکەری کۆمەڵایەتی وڵات، یان شوێنی کۆچلێکراو و کۆچ بۆکراو دوچاری هاوسەنگی یان نا هاوسەنگی بکاتەوە.

کۆچ لەبنەمادا بریتییە لە گواستنەوەی مرۆڤ لە ناوچەیەکی جوگرافییەوە بۆ ناوچەیەکی جوگرافیی دیکە، بە ئامانجی دەستکەوتنی سەقامگیریی کاتی یاخود بەردەوام، کۆچکردن زۆر جار لەسەر شێوەی تاکەکەسی یاخود کۆمەڵ گروپ ئەنجام دەدرێت، لە هەندێک حاڵەتیشدا خانەوادەکان بە تەواوەتی لە ناوچەیەکەوە دەڕۆن بۆ ناوچەیەکی دیکەو زێدی خۆیان بەجێدەهێڵن و پانتاییەکی دیکەی جوگرافی دەدۆزنەوە بۆ ژیانکردن.

بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆچەر، بەکەسێک دەوترێت کە بەمەستی کۆچ دەچێتە وڵاتێکی تر، تێدا خاوەنی ناسنامەی ئەو وڵاتە نەبێت لانی کەم بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر نیشتەجێ ببێت.

لە ڕوانگەی یاسای ناوخۆی و نێودەولەتی، ڕەگەزنامە دیاردەیەکی سیاسی و یاسایی ناوخۆی هەر وڵاتێکە کە بەپێی سیستمی یاسایی و ناوخۆی ئەو وڵاتە دادەڕێژرێت، لەبەرامبەردا نیشتەجێبون و داواکاری نیشتەجێ بون بەواتای نیشتەجێبونی کەسێک لە هەر وڵاتێک داوای دەکات، کە تایبەتە بە کاتێکی دیاری کراو لەئەنجامی مەبەست و پاڵنەرێکی دیاری کراو.

کۆچ یەکێک لە پرسە هەستیارەکانی یاسای نێودەوڵەتیە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتانە لەخۆی دەگرێت (زەواج، لەدایک بون، خوێندن، کار، وەبەرهێنان و بازرگانی، کەسایەتی تایبەت هونەرمەندان و وەرزشکاران، پەناهەندەیی...).

لەڕوانگەی یاساییەوە هەریەک لەم بابەتانە تەفسیرو مەرج و ڕێکاری خۆیان هەیە، بەڵام مەرج و ڕێکاری هەریەکەیان جیاوازن، خاڵی گرنگی هەمویان ئەوەیە، کە دەبێت لەو چوارچێوەیەی ئەو یاسایە بێت کە داڕێژراوە. ئەویش داخڵ بونە بۆ سنوری ئەم وڵاتانە بەشێوەیەکی یاسایی، لەم نێوەندەدا کۆچ بەشێوازی پەناهەندەیی ئاڵۆزترین و پڕ تەعریفترین شێوازیانە کە یاسا باسی لێوەدەکات، ئەویش ئەوەیە چەمکی کۆچ و مەرجەکانی وڵاتانی وەگر یان میواندار دوچاری ئاڵنگاری و ئیحراج بون دەکاتەوە.

## کۆچ و هۆکارەکانی ئەنجامدانی

هۆکاری پشت کۆچکردن زۆرن، بەڵام بەگشتی دەتوانرێت لەدو فۆرمدا وێنا بکرێن ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: هۆکارەکانی پاڵنان یاخود راونان

ئەم هۆکارانە زیاتر بریتین لەهۆکارە ناوخۆیی و ناوەکییەکان، ئەمانەش سەرجەمی ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات یاخود هەرێمێک، پاڵ و فشار بەتاک و گروپەکانەوە دەنێن، بۆ کۆچکردن و جێهێشتنی زێدو شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان بۆ روکردنە وڵات و شوێنیکی دیکە.

دوەم: هۆکارەکانی راکێشان

ئەم هۆکارانەش زیاتر بریتین لە هۆکارە دەرەکییەکان، کەبەهۆیانەوە تاکەکان کاریگەر دەبن بەکۆمەڵێک پاڵنەری راکێشەرو هۆکاری دەرەکی، لەدەرەوەی سنورو شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان، بەو هۆیانەوە تاک لەوڵات و زێدی خۆیەوە رادەکێشرێت بۆوڵات و ناوچەیەکی دیکەی جوگرافی، بەئومێدی دەستکەوتنی ژیانێکی باشتر، لەوپێناوەشدا کۆچ دەکات بۆ دەرەوەی سنورەکانی نیشتیمانەکەی.

دەتوانێت پاڵنەری تایبەتمەندی کەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری هۆکار گەلێکی جیاوازی هەبێت وادەکات لێکەوتەکانی جیاواز تەماشا بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆچ دەتوانێت پرسیارو لێکەوتەیەکی قوڵ لای کەسی کۆچکردوو دروست بکات، ئەوەش ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە بەسەر ژیانی تاکەکاندا دەهێنێت، چ بەشێوەیەکی باش یاخود خراپ.

بەهۆکار و پاڵنەرە جیاوازەکانی پشت دیاردەی کۆچ، نەک بەتەنها شوێنی ژیانی تاک گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا بارودۆخی کۆمەڵایەتی تاک دوچاری ئاوەژوبونەوەو گۆڕانکاری دەکاتەوە.

لەمێژودا هۆکار گەلی زۆر هەبون بۆ کۆچ کردن ئەوانیش دیاردە سروشتیەکان و گۆڕانی کەش و هەوا، پێشکەوتنی پیشەسازی کۆچکردنی لادی و گوندنشینەکان بۆ شارە پێشکەوت و خاوەن پیشەسازییەکان، یان ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر ژینگەی سیاسی کۆمەڵگایەک دێتە ئاراوە لە ئەنجامی جەنگ و جەنگی سەپێنراو گۆڕانکاری جوگرافیای سیاسی  کە زیاتر خۆی لە کۆچی زۆرەملێ دەبینێتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، چ لەسەر ئاستی دەرەوە، چەندین هۆکار بونیان هەیە کە دەبنە پاڵنەرو راکێشان بۆ ئەوەی تاک و کۆمەڵەکان کۆچ بکەن و ئەو شوێنە جێبهێڵن کە پێشتر شوێنی

سەقامگیرییان بووە، لە دیارترین ئەو هۆکارانەش لەسەر ئاستی هۆکارە پاڵنەرو راکێشەرەکان لەناوخۆو دەرەوە بریتین لە:

1. هۆکارە سیاسییەکان: بریتییە لەهەمو ئەو هۆکارو فاکتەرە سیاسیانەی کە ناسەقامگیری و ئاڵۆزی سیاسی و خراپی دۆخی دیموکراسی و خراپی فۆڕمی حکومرانی و دەسەڵاتی ستەمکارو رودانی جەنگ و ئاڵۆزی ناوخۆیی و نەبونی ئازادی سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە لەئەنجامدا تاکەکان ناچار دەکات لەواقیعی سەپێندراوی وڵاتەکەیان هەڵبێن و بگەڕێن بەدوای شوێنێکی گونجاوتر و سەلامەت و سەقامگیرو ئارامدا، یاخود دۆزینەوەی شوێنێک کە لەژێر سایەیەی دەسەڵاتێکی دیموکراتدا بەئازادی حکوم بکرێن.
2. هۆکارە ئابورییەکان: بریتییە لەنەبونی هەلی کارو ناسەقامگیری ئابوری و نەبونی عەدالەتی ئابوری، ئەمەش تاک و گروپ و خێزانەکان هاندەدات بۆ گەران بەدوای میکانیزمێکی بەدیلدا کەتیایدا هەلی کاری نوێ و ژیانێکی باشتریان لەروی ئابورییەوە بۆ فەراهەم بکات، ئەوەش بە گواستنەوە لەزێدی خۆیانەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، چ لەناوخۆی وڵات بێت یاخود لەدەرەوە.
3. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: خۆیان دەبیننەوە لەبونی دەستدرێژی نەتەوەیی و ئاینی و ئیتنی، یاخود لەبەردەوامی هەبونی دیاردەی ڕەگەزپەرستی، ئەمە وا لە تاک و کۆمەڵەکان دەکات کە بە دوای ناوچەیەکی باشترو گونجاوتردا بگەڕێن بۆ ژیانکردن، کەتیایدا دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی تیادا فەراهەم ببێت.
4. هۆکارە سروشتییەکان: ئەم هۆکارانە زۆرتر خۆیان دەبیننەوە لەبەردەوامی ڕودانی ئەو کارەساتە سروشتییانەی بەسەر شار و شارۆچکەکاندا دێن، سەرئەنجام دەبنە هۆی نیمچە وێرانبوون یاخود وێرانبونێکی تەواو لەنمونەی کارەساتەکانی زریان و لافاو و زەمینلەرزە.
5. هۆکارە دەرەکییەکان: ئەمانەش بریتیین لەهۆکارە راکێشەرەکان لەدەرەوەی سنورەکان، وەک بینین و وێناکردنی بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستەو رەفاهیەت لەدەرەوەی وڵاتی دایک. یاخود بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان و هەستکردن بەبەدەستهێنانی ژیانێکی شەرەفمەندانە لەسایەی دادی کۆمەڵایەتیدا...هتد). بێگومان هەمو ئەمانە لەدەرەوەی سنورەکان، دەبنە فاکتەری راکێشەر بۆ ئەوەی تاک لەوڵاتەکەی خۆیەوە رابکێشن بۆ وڵاتێکی دیکە.

## جۆرو فۆرمەکانی کۆچکردن

بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی کۆچکردن، چەندین پۆلێنکاری کراون، بەنمونە کۆچکردن لەروی یاسایی و نایاسایی بونەوە، یاخود کۆچکردن لەروی خواستەوە یاخود کۆچکردن لەروی ناوچەی جوگرافییەوە...هتد.
ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین ناسراوترین جۆرو فۆرمەکانی کۆچکردن بەم جۆرە بناسێنین:

یەکەم: کۆچی تاکەکەسی: بریتییە لە کۆچکردنی تاکە کەسێک لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراوەوەو بۆ ناوچەیەکی جوگرافیی دیکە، لەناوخۆ یاخود بۆ دەرەوەی وڵات، بەشێوازێکی یاسایی یاخود نایاسایی (بەرێگەی قاچاغ).

دووەم: کۆچی بەکۆمەڵ: بریتییە لە کۆچی خێزان و گروپ و کۆمەڵەکان لە ناوچەیەکی جوگرافییەوە بۆ ناوچەیەکی جوگرافیی دیکە، لەناوخۆ یاخود بۆ دەرەوەی وڵات. بەشێوازێکی یاسایی یاخود نایاسایی (بەرێگەی قاچاغ).

سێیەم: کۆچی ناوخۆیی: بریتییە لەو کۆچەی بەهۆی کۆچکردنی تاک یان کۆمەڵەکانەوە ڕوودەدات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە نێو سنوری جوگرافیای یەک دەوڵەتی دیاریکراودا.

چوارەم: کۆچی دەرەکی: ئەو کۆچەیە کە لە کاتی گواستنەوەی تاک یاخود کۆمەڵەکان لە ناوچەیەکی دەوڵەتێکەوە بۆ ناوچەیەک لە دەوڵەتێکی جیاواز دەگوازرێنەوە بەشێوازێکی یاسایی یاخود نایاسایی (بەرێگەی قاچاغ).

پێنجەم: کۆچی ئارەزومەندانە: ئەو جۆرە کۆچەیە کە تاک یاخود کۆمەڵەکان بەپێی ویستی خۆیان بۆ گۆڕینی شوێنی ژیانیان دەیکەن، بە مەبەستی پەیداکردنی سەقامگیری لە ناوچەیەکی دیکەی دەرەوە یاخود ناوەوەی وڵات بەشێوازێکی یاسایی یاخود نایاسایی (بەرێگەی قاچاغ).

شەشەم: کۆچی ناچاری: ئەو جۆرەیە کە لە کاتی گواستنەوەی تاک یاخود کۆمەڵەکان بەپێی ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیان ڕودەدات و ناچاریان دەکات کە شوێنی ژیانیان بەناچاری بگۆڕن، بە مەبەستی پەیداکردنی سەقامگیریی و ئارامی لەناوەوەی وڵات یاخود بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی وڵات.

حەوتەم: کۆچی کاتی: بریتییە لەو جۆرە کۆچەی کەتاکێک یاخود خێزانێک بەشێوەیەکی کاتی و بەمیکانیزمی یاسایی، لەشوێنی خۆیانەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەخواستی خۆیان کۆچی بۆ دەکەن و پاش

ماوەیەک دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان. لەنمونەی کۆچ بۆ خوێندن و کۆچی گەشتیاری و کۆچ بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئاینی و ڕۆشنبیری ...هتد.

هەشتەم: کۆچی بەردەوام: بریتییە لەو جۆرە کۆچەی کەتاکێک یاخود خێزانێک بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەشوێنی خۆیانەوە بۆ شوێنێکی دیکە کۆچی بۆ دەکەن و هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان.

## کۆچ لەهەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بەدرێژایی مێژوو دوچاری ئەم دیاردەیە بوەتەوە، جێگەی سەرنجە بەڕێژەیەکی زۆر هۆکاری پشت کۆچی مرۆڤی کورد زیاتر لە ڕووە دەستکردەکەی کۆچەوە بووە، ئەویش لەئەنجامی جەنگ و ترس لە حکومەتە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە ماوەی ڕابردودا، کە خۆی لە کۆچی بەکۆمەڵ و زۆرە ملێدا دەبینیەوە، بەجۆرێک لە جۆرەکان کۆچێکی ناچاری بوە بەهۆی فشارە بەردەوامەکانی حکومڕانانی بەغدا بۆ سەر گەلی کورد، بەتایبەت لەسنوری کوردستانی عێراق، ئەوەش لەپێناو پاراستنی ژیان و سەلامەتی خۆیان، بەناچاری لەدەست پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدو کیمیاباران بەعەرەب کردن هەڵهاتون و ڕێگەی کۆڕەو و کۆچی بەکۆمەڵیان گرتوەتەبەر بەتایبەت لەماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١، ئەم سەردەمەش بەسەردەمی کۆچی نا ئاسایی و بەکۆمەڵی مرۆڤی کورد دادەنرێت لەماوەی ڕابردودا.

پاش ڕاپەڕین و نەمانی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و کەوتنە دەستی زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی کورد بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەرەتادا هیوایەک هەبو بۆ دروستبونی کۆچی پێچەوانەوەو کرانەوەی ژیان بەروی ئەوانەی کوردستانیان بەجێهێشتوە. بەڵام هەرزو بەهۆی حوکمی شکستخواردوی دو پارتی و یەکێتی و پێکدادانی بەرژەوەدنییە حزبەکانیان، ئەو هیوایانەش لەگۆڕنران و دوبارە مرۆڤی کورد بۆ ڕزگاربون لەو واقیعە ڕێگای هاندەرانی گرتەوەبەر. بەتایبەت دوای دروستبونی شەری ناوخۆ و قوڵبونەوەی کێشە سیاسی و ئابوری و ئەمنییەکانی کوردستان. بەم جۆرە قۆناغێکی نوێی کۆچی تاک و بەکۆمەڵی هاوڵاتیانی کوردستان، لەسایەی حکومرانی کورد لەهەرێمی کوردستاندا دەستیپێکرد.

لەئێستاشدا ئەم دیاردەیە نەک کەمی نەکردوە، بەڵکو بەردەوام لەزیادبوندایە. ڕۆژانە بە پاڵنەرو هۆکاریی جیاواز، بەهۆی خراپی ژیان و گوزەرانیان لەسایەی حوکمی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، سەدان گەنج و منداڵ و ژن و پیاوی بەتەمەن ڕێگەی ناچاریی کۆچ هەڵدەبژێرن و خۆیان دەدەنە دەست قەدەرێک کە پڕە

لە نەهامەتی و ڕەنج کێشان، تا دەگەنە شوێنی مەبەست، پاشانیش گیرۆدەی ئەو گۆڕانکارییە دەبن کە بەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و یاسای ئەو باردۆخەدا لە وڵاتی بێگانە تێی دەکەون. چیرۆکی کۆچ هەزاران پرس و ڕەنجکێشان بۆ خۆی دروست دەکات بەدرێژای ژیان کەس و کەسانی کۆچ کردو بەدوای وەڵام و سارێژکردنیدابن. ئەوە جگە لەدەستچونی ئەو هەمو سامانە مرۆیی و دەستی کارو توانا فیزیکییەی کەئەو کۆچبەرانە لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن، کەسەرئەنجامەکەی بەزیان بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان و سودی وڵاتانی دیکە دەشکێتەوە.

## ئامارەکانی کۆچ لە عێراق و هەرێمی کوردستان

(دەزگای لوتکە بۆ کاروباری پەنابەران) کە ڕێکخراوێکی ناحکومی مرۆییەو پێشتر لەژێر ناوی (فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی) کاری کردووە، ئاماری مەترسیداری لەبارەی کۆچبەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاو کردووەتەوە بەپێی ئامارەکانی دەزگاکە؛

ئامارەکانی قوربانیانی عێراقی کە لە ڕێگای کۆچی نائاسایدا لەماوەی (2015-2021) بوون بە قوربانی و زۆرینەیان خەڵکی هەرێمی کوردستانن و (458) کەسن. (بڕوانە خشتەی یەکەم).

هاوکات هەر بەپێی ئامارەکانی دەزگای ناوبراو لە ماوەی نێوان ساڵی (2014-2021) لە عێراق و هەرێمی کوردستان نزیکەی (693) هەزار عێراقی داوای مافی پەنابەرییان لە وڵاتانی ئەوروپا کردووە، بەدەر لەو کۆچبەرانەی تەمەنیان لە خوار (18) ساڵەوەیە یان داوانامەی سیاسییان پێشکەش کردووە. (بڕوانە خشتەی دووەم).

**خشتەی یەکەم/ ئامارەکانی قوربانیان**

| ساڵ | گیان لەدەستدان | بێ سەرو شوێن |
|---|---|---|
| 2015 | 25 | 7 |
| 2016 | 78 | 54 |
| 2017 | 29 | 67 |
| 2018 | 54 | 18 |
| 2019 | 17 | 20 |
| 2020 | 57 | 10 |
| 2021/8/1 – 1/1 | 10 | 12 |
| کۆ | 270 | 188 |

**خشتەی دووەم/ ژمارەی کوچبەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سەروو 18 ساڵ**

| ساڵ | ئەوانەی داوای مافی پەنابەرییان کردووە بۆ سەروو 18 ساڵ |
|---|---|
| 2014 | 681.48 |
| 2015 | 186.422 |
| 2016 | 160.717 |
| 2017 | 92.691 |
| 2018 | 69.203 |
| 2019 | 20.047 |
| 2020 | 53.000 |
| 2021/8/1 – 1/1 | 42.700 |
| کۆ | 692.928 |

## دیارترین هۆکارەکانی کۆچ لە هەرێمی کوردستان

دیارە هۆکارەکانی کۆچ لە هەرێمی کوردستان فرە جۆرن، هەر لەهۆکارەکانی پاڵنانەوە تاهۆکارەکانی راکێشان، ئەم هۆکارانەش دەکرێت لەکۆچبەرێکەوە بۆ کۆچبەرێکی دیکە، یاخود لەگروپ و کۆمەڵە کۆچبەرێک بۆ گروپ و کۆمەڵێکی دیکە جیاوازبێت، بەڵام دیارترین هۆکارەکان ئێستای هەرێمی کوردستان بریتین لەهۆکارەکانی پاڵنان، کەرۆژانە پاڵی بەبەشی هەرە زۆری کۆچبەرانی هەرێمی کوردستانەوە ناوە بۆ دەرەوەی وڵات، بریتین لە؛

## یەکەم: هۆکارە سیاسییەکان

پرۆسەی هەڵبژاردن، وەک پایەیەکی گرنگی دیموکراسی، رێگەی سەرەکی بەشداری کۆمەڵگایە، لە ژیانی سیاسی و بڕیاری سیاسیدا، بەڵام بەردەوام لەهەرێمی کوردستان حیزبە دەسەڵاتدارەکان، یاخود هێزە دەستڕۆیشتووەکان لە رێی ساختەکاریی و تەزویرەوە دەنگی هاوڵاتیان لەبەرژەوەندی خۆیان ساختە دەکەن، لە هەرێمی کوردستانیش پرسی تەزویر و ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا بووەتە پرسێکی جدیی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و نەخشەی سیاسی هێزەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق دروستکردووە، بەمەش کەمترین دەرفەت ماوەتەوە بۆ بەشداری سیاسی خوێن و نەوەی نوێ لە نێو سیاسەت و گۆڕانکارییە سیاسییەکان.

هەردوو پارتی دەسەڵاتداری خاوەن چەک و سەرمایە لە دوو رێگاوە کۆنترۆڵی کۆی جومگە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیان کرووە، سەرەنجامەکەی سەریکێشاوە بۆ چەقبەستوویەکی سیاسی بێزارکەر لە هەرێمی کوردستان، ئەوانیش

1. بەگەڕخستنی توانا ئابورییەکانیان بۆ؛

- ڕاگەیاندن؛ کردنەوەی هەزاران ئامرازی ڕاگەیاندنی (نوسراو، بیستراو، بینراو)ی حیزبی، بەتێچونی ماددی گەورە، کە بەشێکیان نامۆن بە کلتوری خەڵکی هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ مەرامی تایبەتی تەرکیزێکی زۆری خراوەتە سەر، لە دەرەنجامدا بەشی زۆریان خزمەت بە مانەوەو بەردەوامی پرۆسەیەکی سیاسی لار دەدەن لە هەرێمی کوردستان.
- دامەزراندن سەدان هەزار کەس لە کەرتی گشتی و سەرهەڵدانی دیاردەی (بندیوار)، کە کێشەیەکی گەورەی بۆ ئابوری و بوجەی گشتی، دەرچوانی بێکاری زانکۆو پەیمانگاکان دروست کردووە.

- بەخشینەوەی سامان و داهاتی گشتی، بەسەر خەڵکانی دیار و سەرۆک خێڵ و عەشیرەت ... بە بیانوی جیاواز و کڕینیان و بەکارهێنان _بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکان_ بێبەشکردنی چینێکی هەرە گەورەی کۆمەڵگا لە سودمەندبوون لە داهات و سامانی گشتی هەرێمی کوردستان.
- بەخشینی موڵکی گشتی و زەوی و تەندەرو پرۆژەی ئابوری...هتد بە دەست و پێوەندەکانی حیزب مەحرومکردنی ئەوانەی بەشی زۆری کۆمەڵگەو سەرمایەدار و بازرگانانی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان.

2. بەگەڕخستنی توانا سەربازییەکان بۆ؛

- دامەزراندنی خەڵکانی ناشایستە لە کەرتی سەربازی، هەندێجار پێدانی پلەو پایە دور لە بنەمای شایستەیی.
- بەکارهێنانیان لە کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکان و کاریگەرییان لە گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردن.
- سزادان و دورخستنەوەی ڕەنگی جیاواز لە نێو هێزە ئەمنی و چەکدارەکان.
- بەکارهێنان و چاوسورکردنەوەیان، لە کاتی سەرهەڵدانی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان.

بە پوختی بەکارهێنانی هەردوو هێزی نەرم و ڕەق دژ بە هەر لایەن و کەس و گروپ و ڕێکخراو و رۆژنامەنوس و دەنگێکی ناڕازی ... هتد. بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستنی خۆیان و درێژەدان بەو دۆخە چەقبەستووەی کە لە ئارادایە. کە لە کۆتاییدا سەریکێشاوە بۆ بێ دەنگک کردنی ئازادی ڕادەربڕێن و کاری رۆژنامەنووسی ئازادو سەربەخۆ و سەرەنجام بەرتەسکردنەوەی ئازدییە گشتییەکان و ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستان.

بۆیە دەکرێت هۆکاری سیاسەت و حکومڕانی ناتەندروست و چەقبەستوویی درێژەخایەن و خۆدزینەوە لە چاکسازی جدی ڕاستەقینە بە قازانجی گشتی خەڵکی هەرێمی کوردستان، پاڵنەرێکی گەورەی ئەو کۆچە بەلێشاوە بێت کە هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە.

## دووەم: هۆکارە ئابورییەکان

ئابوری یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی پاڵنەرەی ئەنجامدانی کۆچکردن لەتەواوی جیهاندا. ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە. لەهەمو شوێنێک کەمی هەلی کارو نزمی ئاستی وەبەرهێنان، هۆکار دەبێت بۆ هاندانی کۆچکردنی هاوڵاتیان، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. لەنمونەی کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ شارەکان،

یاخود لەشێوەی کۆچکردن لە شارێکەوە بۆ پایتەختی وولاتەکە، یان  کۆچکردنی هاولاتیانی ولاتێک، بۆ ولاتێکی دیکە.

ئەوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا رودەدات لەنمونەی فۆرمی سێهەمی ئەم شێوازە کۆچەیە، کەهاولاتیانی کوردستان، لەبەر خراپی دۆخی ئابوری و نەبونی هەلی کارو کەڵەکەبونی قەیرانە ئابورییەکان و خراپی دۆخی ژیان و سەختی گوزەران و بەردەوامی بەرزبوونەوەی نرخ و شتومەک و لە پێناو بژێویەکی باشتر هەلی کارێک و سەرمایەیەک کە داهاتووی ڕۆشن بکاتەوە رودەکەنە ولاتانی ئەوروپا.

هەرێمی کوردستان، بوەتە هەرێمێکی کرێخۆرو بەرخۆر، زۆرینەی هاولاتیانی بونەتە موچەخۆر، لەئێستاشدا بەهۆی نەبونی بودجەی گشتی کە پلانی ئابوری هەرێم رونبکاتەوەو بەهۆی دابەشنەکردنی موچە لەکاتی خۆیدا یاخود دابەشکردنی موچە بەهۆی لێبرینەوە. دۆخی ئابوری و بازاڕ تەواو دوچاری چەقبەستویی بووە، زۆرێک لەهاولاتیان بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن و زۆرێک لەموچەخۆرانیش دوچاری ژیانێکی قورس بونەتەوەو بەسەدان سەرمایەدارو وەبەرهێنیش دوچاری زەرەمەندبون و مایەپوچی بونەتەوەو سەدان پرۆژەش بەتەواونەکراوی وەستاون.

هەموو ئەمانە وایکردوە دۆخی گشتی ژیانی هاولاتیانی هەرێم لەماوەی چەند ساڵی رابردودا زۆر سەخت بێت، چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتووشدا دژوارتربێت، بەم هۆیەش هاولاتیان بیر لەمیکانزمێکی جێگرەوە دەکەنەوەوە بەناچاری ملی رێگەی هەندەران دەگرنە بەر.

دیاردەی بێکاری لەهەرێمی کوردستاندا زۆر زیادی کردوە، بەجۆرێک لەئێستادا بەپێی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا رێژەی بێکاری گەیشتوەتە ١٢٪. هاوکات پێشبینی دەکرێت ئەم رێژەیە لەنێو توێژی گەنجاندا، زیاتربێت و  لەنێوان توێژی خانمانیشدا رێژەکەی زۆر زیاتر بێت.

لەلایەکی دیکەوە، لەئێستادا دیاردەی هەژاری لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی دابەزینی بەهای دیناری عێراقی و  هەڵئاوسان و پەتای کۆرۆناوە زۆر تەشەنەی سەندوە، هاوکات لەئەنجامی کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەت بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەکان و کەرتی بەرهێنان و کەمبونەوەی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت وایکردوە کەرتە نافەرمیەکانی ئابوریش زیانی گەورەیان پێبگات، ئەمەش زۆرێک لە هاولاتیانی دوچاری بێکاری و هەژاری کردوەتەوەوە، ناچاری بەکۆچکردنی کردون.

هاوکات نادادپەروەری لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی نیشتمانی لەنێوان توێژو چینی دەسەڵاتدارو خێزانە سیاسییەکان و زۆرینەی کۆمەڵگا، بوەتە هۆکاری زیاترو زیاتر تەشەنەسەندنی دیاردەی نادادی کۆمەڵایەتی و زیاتر تۆخکردنەوەی سیمای چینایەتی و دابەشبونی کۆمەڵایەتی.

سەربەرای هەمو ئەوانەش، دیاردەی گەندەڵی تادێت تەشەنەدەسێنێت، لەئێستاشدا گەندەڵی زۆرینەی سێکتەرەکانی دەسەڵات و حکومرانی لەهەرێمی کوردستاندا گرتوەتەوە. تەنانەت گەندەڵی لەزۆر ئاستدا شۆربوەتەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاش، بەردەوامی ئەم دیاردەیەش بوەتە هۆکارێک بۆ تۆخکردنەوەو زیاترکردنی کێشەو قەیرانە ئابورییەکانی کۆمەڵگاو زیاتر بڵاوبونەوەی دیاردەی بێهیوابون و کاڵبونەوەی ئینتیمای هاوڵاتیان، لەچارەسەرکردنی کێشەکانیان.

لەلایەکی دیکەشەوە دیاردەی قۆرخکاری بازاڕ و بازرگانی لەرێگای کۆمپانیاکانی حزب و بنەماڵەو کەسانی دەسترۆیشتوی دەسەڵات بەردەوامە. بەرادەیەک کەرێگا لەبونی کێبرکێی بازاڕ گیراوەو کۆمپانیاکان و پیاوانی حزب و دەسەڵات تادێت سەرمایەکانیان گەورەتردەبێت، ئەمەش دیاردەی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا تۆخترکردوەتەوەو هەل و دەرفەتی بۆ کۆمپانیای دەرەوەی حزب و تاکەکانی تری کۆمەڵگە کەمکردوەتەوەو هێندەی تر شیرازەی کۆمەڵگا لەروی ئابورییەوە روی لەتەنگژەو ئاڵۆزی کردوەتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە وەک ئاشکرایە زیاتر لە ١٠ ساڵە، پرۆسەی دامەزراندنی هاوڵاتیان و گەنجان و دەرچوانی زانکۆکان لەهەرێم راگیراوە، بەڵام حزبەکان لێرەو لەوێ بەتەزکیەی حزبی بەردەوامن لەدامەزراندنی ئەندام و لایەنگرانیان. هاوکات دۆخی کەرتی تایبەت و کەرتی پیشەسازیش بەجۆرێکە کەتوانای دامەزراندن و رەخساندنی هەلی کاری نییە بۆ ئەو هەمو دەرچوەی زانکۆ، لەلایەکی دیکەشەوە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا، کراوەتە کەرتێکی هەژارو بەپێی پێویست گرنگی پێنادرێت، ئەوەشی کەهەیە ناتوانێت ئاسایشی خۆراک مسۆگەر بکات، بۆیە خەڵکێکی زۆر لەم کەرتەدا وەک پێویست کار ناکەن، واتە هەلی کاریش لەم کەرتەدا بەپێی پێویست بەردەست نییەو کەرتی کشتوکاڵیش نەیتوانیوە ببێتە کەرتێکی جێگرەوەو سەرچاوەی داهات بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

هەمو ئەمانەش هێندەی دیکە گەنجانی ئەم هەرێمەی دوچاری بێهوابون کردوتەوە لەبەدەستهێنانی هەلێکی باش بۆ کارکردن، بۆیە زۆرینەی گەنجان بەناچاری بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشترو ئایندەیەکی فەراهەم رودەکەنە ولاتانی ئەوروپا.

لەهەمو وڵاتێکدا گەنجان هێزی کارن، گەنجان وەک سەرچاوەی مرۆیی کۆمەڵگاو هێزی پارێزەرو تەشەنەسەندن و گەورەکردنی کۆمەڵگا لەقەڵەم دەدرێن، وەک ئاشکراشە بە کۆچکردنیان زیانێکی زۆر بەر ئاسایش و سامانی نیشتمانی وڵاتەکەیان دەگەیەنن. ئەمەش ئەو کێشەیەیە کەلەئێستادا دوچاری هەرێمی کوردستان بوەتەوەو رۆژانە لێرەو لەوێ بەهەزاران گەنجی کوردستان، ئەم وڵاتە بەجێدەهێڵن وچارەنوس و ئایندەی ئەم هەرێمە دەخەنە ژێرپرسیارەوە.

## پێشنیازەکانی چارەسەر

کۆچکردنی گەنجان و هاوڵاتیان یەکێکە لەو کێشە گەورانەی کەپێکهاتەی بونیادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێستای هەرێمی کوردستانی خستوەتە مەترسییەکی گەورەوە. چارەسەرکردنی ئەم پرسەش بەندە بە ئەنجامدانی گۆرانکاری ریشەیی لەسەر ئاستی سەرجەم سێکتەرەکان و چارەسەری ئەو هۆکارانەی کەبونەتە یارمەتیدەری دروستبونی کێشەو قەیران و تەنگژە سیاسی و ئابورییەکانی هەرێم. ئێمە لەوپێناوەدا چەند پێشنیارێکی خێرای کاتی و درێژخایەن دەخەینەرو، لەپێناو لانی کەم دۆزینەوەی چارەسەرێکی پێویست بۆ ئەم پرسەو کەمکردنەوەی ئەو لێشاوی کۆچەی ئێستا بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە:

یەکەم: چارەسەری خێراو نزیک مەودا

1. دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ وپەیمانگاکان و رەخساندنی هەلی کار بۆیان، بەتایبەت لەدامەزراوە فەرمییەکان و سێکتەرەکانی حکومرانی وڵاتدا.
2. رەخساندنی هەلی کار بۆ هەموان بەتایبەتیش بۆ توێژی گەنجان، بەبێ جیاوازی وەلائی حزبی و شەخسی و کۆمەڵایەتی لەکەرتی گشتی و تایبەتی.
3. دامەزراندنی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو گەنجانەی کە بێکارن هەتا کار دەدۆزنەوە .
4. گرنگیدان بە شەفافییەت و دەستبردن بۆ چاکسازی جدی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.
5. باش کردنی خێرای خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان وەک ئاو کارەبا و پەروردەو تەندروستی.
6. سود وەرگرتن لە توانای گەنجان و بەشداریی پێکردنی گەنجان لە کایەی سیاسی و حکومڕانی و ئابوریدا، لەپێناو سود وەرگرتن لەهێزو کارامەییان لەپێناو پێشخستنی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا.
7. رەخساندن و پێدانی شوێنی نیشتەجێبون بە هاوڵاتیانی کەمدەرامەت و کرێنشینان و ئەوانەی تازە ژیانی هاوسەری پێک دەهێنن، ئەوەش لەرێگەی ناچارکردنی حکومەت بۆ کۆمپانیاکان بۆ پێدانی شوقەو خانو بەبێ پێشەکی، یاخود بەقەرزێکی درێژخایەن، بۆ ئەوەی هەموان بتوانن سودمەندبن.
8. پێدان و دەستپێکردنەوەی پێشینەی هاوسەرگیری و خانوبەرو قەرزی ماوە درێژ بەو گەنجانەی خوازیاری پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری و دروستکردنی ماڵێکن بۆ خۆیان.

دوەم: چارەسەری درێژخایەن و دور مەودا

1. دروستکردنی سندوقێک لەلایەن حکومەتەوە، بۆ پێدان و بەخشینی قەرزی ماوە درێژ بەو گەنجانانەی خاوەن پرۆژەی داهێنەری بچوک و مامناوەندی تایبەت بەخۆیانن، لەپێناو ئەوەی لەسەر پێی خۆیان بوەستن و خزمەت بەکۆمەڵگا بکەن لەداهاتودا.
2. فەراهەمکردنی ئازادی بازار، بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت و بزنسی بچکۆلە بتوانن دور لەدەستێوەردانی حزبی و شەخسی دەسترۆیشتو کاربکەن و لەسەر پێی خۆیان بوەستن و ئیش بکەن.
3. بەدیهێنان و کارکردن بنەماکانی سەروەری یاسا، بەجۆرێک کەهەموان دور لەدەسەڵاتی حزب و بەرپرسان، لەبەردەم یاسادا یەکسان بن و هەموان هەست بکەن بەوەی یاسا شکۆو کەرامەت و مافەکانیان دەپارێزێت.
4. بە هێزکردن و ریفۆرمکردنی کەرتی پەروەردە، بەجۆرێک کەبتوانێت خوێندکاری داهێنەر و بەتوانا دروست بکات. تا لەبواری بازارو کەرتی گشتی و تایبەتیدا بتوانێت خزمەت بکات و خۆی بدۆزێتەوە.
5. ریفۆرمکردن لەکەرتی تەندروستی و کەرتە خزمەتگوزارییەکانی دیکە، بۆ ئەوەی هاولاتیان لەکاتی پێویستدا ناچار نەبن پەنا ببەنە بەر ولاتانی دەرەوەو ولاتانی دراوسێ.
6. بنبڕکردن و کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی و یەکسانی لەدابەشکردنی سەروەت و سامانی گشتی و بەکارهێنانی داهاتی ولات بۆ خزمەت و سودی گشتی، لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەلایەتی.
7. زیادکردنی خەرجیەکانی حکومەت بۆ بوژاندنەوەی بازارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازیدا.
8. دروستکردنی سوپایەکی نیشتیمانی و بەدامەزراوەیکردن و بەنیشتیمانسازی سەرجەم دامەزراوەکانی حکومرانی، لەپێناو دروستکردنەوەو گێرانەوەی متمانەو وەلائی هاولاتی بۆ کوردستان.
9. فراوانکردنی پانتایی ئازادییە گشتییەکان و مسۆگەرکردنی ئازادی تاک و دەبڕینی رای ئازاد و بەدیهێنانی بنەماکانی دیموکراسیەت.
10. هاندانی کەرتی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە بۆ پلانی ستراتیجی مامناوەند و درێژخایەن بۆ ئەوەی هەلی کار دروستبکرێت

11. ئەولەیەت دان بە دەستی کاری ناوخۆی هەرێم، لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکان کەلە ناخۆی هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن.
12. فەراهەمکردنی کەشێکی دیموکراسی لەهەرێمدا، کەهاوڵاتی تیایدا لانی کەم هەست بەئەمان و کەرامەتی خۆیی و دادپەروەری و سەقامگیری و ئارامی و دڵنیای بکات، هەست بکات کەماف و ئازادییەکانی پارێزراون، ئەمەش لەپێناو دروستبون و گێرانەوەی متمانەو وەلائی هاوڵاتیانی هەرێم بۆ نیشتیمان و خاکەکەیان.

## سەرچاوەکان

1. نەوشیروان مستەفا، بەرنامەی روبەرو، کۆچ لەهەرێمی کوردستان، کەناڵی کەی ئێن ئێن. ساڵی ٢٠١٠.

2. هەڵمەت محەمەد، دەسەڵاتی قوڵ... نمونەی دۆخی هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، ٢٠٢١.

3. دەزگای لوتکە بۆکاروباری ئاوارەو پەنابەران، سایتی ئەلیکترۆنی:

https://www.lutka.org/?page_id=3490&lang=ku

4. جۆرەکانی کۆچ، سایتی ئەلکترۆنی:

https://zaniary.com/blog/60ddb67409d76/%D8%AC%DB%86%D8%B1%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C-%DA%A9%DB%86%DA%86

5. أنواع الهجرة، الموقع الكتروني:

https://mawdoo3.com/%D8%A3%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9_%D8%A7%D9%84%D9%87%D8%AC%D8%B1%D8%A9

6. ما هي أنواع الهجرة، الموقع الكتروني:

https://www.almrsal.com/post/960761

7. مهاجرت؛ عوامل و انواع آن، سايت:

https://morr.gov.af/sites/default/files/2021-02/%D9%85%D9%87%D8%A7%D8%AC%D8%B1%D8%AA%D8%9B%20%D8%B9%D9%88%D8%A7%D9%85%D9%84%20%D9%88%20%D8%A7%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9%20%D8%A2%D9%86.pdf

7. Migration, at the site:

https://www.un.org/en/global-issues/migration

8. Human migration, at the site:

https://www.wikiwand.com/simple/Human_migration